# کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی کوردستانیان، پێویستتر بوو. ..

بەدەستپێشخەری بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژانی 26 و27 ی ئەم مانگە، کۆنگرەی فراوانی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لە هەولێری پێتەختدا، بەڕێوەچوو. لەوانەیە زۆر کەس و لایەن ئەو کۆنگرەیە بەگرنگ و پێویست و مێژوویی بنرخێنن (ئەگەرچی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە) ، بەڵام بە بڕوای من هەنگاوی گرنگ و پێویستتر هەن و دەبووایە بەر لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنگرەیە بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردەواری بهاوێژرابان.

شەڕی 10 ساڵەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان زۆر گرفت و تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەدوای خۆیەوە جێهێشتووە و چارەسەرنەکراون، بەدیدار و کۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان سەرکردایەتی هەردوولا یەکلایی نەکراونەتەوە و کۆتاش نابن. دەبوایە بەر لەبەستنی کۆنگرەی فراوانی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی کە بۆ ئاشتبوونەوەی سەرکردایەتی هەردوو پارتی دەستەڵاتداری کوردستان و سەرانی ڕژێمی پێشووی بەغداد بەڕێوەچوو (هەرچەندە ئەو دوو شێوە سەرکردایەتییە لەمەو پێشیش گرفتی ئەو تۆیان نەبووە و چەندین جاری دیکەش لێرەو لەوێ بەیەکەوە دانیشتوون و قسەی خۆشیان لەگەڵ یەکدیدا کردووە و تەنانەت کاری هاوبەشیشیان ئەنجامداوە) ، هەندێ ئەرکی گرنگ و لە پێشینەی نێوخۆ هەبوون بەکۆنگرەیەکی لەو شێوەیەدا چارەسەرکرابان، یان چارەسەر بکرێن.

تا ئێستا چارەنووسی دەیان هاووڵاتی لاشەڕ و پێشمەرگەی ئەو دوو لایەنەنادیارە و بنەماڵەکانیان هەواڵی ڕاستینیان وەرنەگرتۆتەوە. تا ئێستا لایەنی سیاسی هەن بۆیان نییە ئازادانە کارو چالاکی خۆیان لەهەرێمە پاوانکراوەکاندا ئەنجام بدەن. تا ئێستا لایەنی سیاسی هەیە هەڕەشەی لێدەکرێت و ڕێگەی نادرێ بارەگای خۆی بگێڕێتەوە بۆئەو شوێنەی کەبەر لەهەڵگیرسانی شەڕی نێوەخۆ تێیدا بوو. لایەنی سیاسی هەیەلەلایەن دەستەڵاتدار و هێزەکانیانەوە وەبەر شاڵاودراوە، بەڵام تا ئێستاش ئامادە نین لەگەڵیاندا دابنیشن و قەرەبوویان بکەنەوە یان گەمارۆ و گوشارەکانیان لەسەر لاببەن.

تا ئێستاش وەڵامی نامەو نووسراوی دەیان حزب و سەرکردەو نووسەر و ڕووناکبیر و هاووڵاتی نادرێنەوە. تا ئێستاش موڵک و ماڵی دەیان کەس داگیرکراون و نەدراونەتەوە. تا ئێستاش دەیان کوردی هەندەران ناتوانن ئازادانەسەردانی خزم و کەس و زێد و نیشتیمانی خۆیان بکەن. ئەمن پێموایە دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و ئارێشانە وبۆ یەکلاییکردنەوەی دەیان تەنگژەی دیکەی هەنووکەیی، کۆنگرەیەکی فراوان بۆ ئاشتبوونەوەی کوردستانیان ببەسترێت و ئەو کۆنگریەش بڕیار بدات کەگۆڕەپانی کوردستان بۆ هەموو حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کراوە دەبێ. داواکارم کەبەڕێز کاک مەسعود بارزانی دەستپێشخەرییەکی دیکەش بکات و بانگەشەی بەستنی کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی کوردستانیانیش بکات.

ڕێکار ئەحمەد

**سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان**

27/3/2004